# دوایین وتەی کەسە جیاوازەکانی جیهان بەرلە مردنیان

دواین وتەی کارەباچییەك: باشە ئێستا دایگیرسێنە.

دواین وتەی مرۆڤێکی چاخی بەردین: هەست ئەکەی ئەم ئەشکەوتە چی تیابێت؟.

دواین وتەی کەسێك لەپردێکەوە دەپەڕێتەوە: نازانم بۆ چاوم لەڕەشەوە دێت.

دواین وتەی نەخۆشێك: دڵنیای ئەو دەرزییە بەسەر نەچووە؟

دواین وتەی پزیشکێك: بڕۆ ئەم فەحسانەم بۆ بکە (خوێن، دڵ، گوێ قاچ، دەست، چاو، میز، ...)

دواین وتەی پۆلیسێك: شەش فیشەکی تەقاند، ئیتر فیشەکی پێنەماوە.

دواین وتەی خزمەتکارێکی رستۆران: بەدڵتان بوو؟

دواین وتەی گەشتیارێکی ئەمەزۆن: ئەم جۆرە مارە ئەناسم، ژەهراوی نییە.

دواین وتەی پەڕەشووتەوانێك: ئەی پەڕەشووتەکەم چیلێهات؟!

دواین وتەی پەیامنێرێك: بەڵێ. ئێستا لافاوەکە بەرەوڕووی من دێت.

دواین وتەی فڕۆکەوانێك: بزانم تایەکان کراونەتەوە یان نا.

دواین وتەی چەتەیەك: نەبابە، خۆر سەعاتێکی تر هەڵدێت

دواین وتەی داوەرێکی تۆپی پێ: نەخێر ئۆفساید نەبوو!.

دواین وتەی پاسەوانێك: مەگەر بەسەر لاشەی مندا بچیتە ژوورەوە.

دواین وتەی شێتێك: من ئەتوانم بفڕم.

دواین وتەی نەفەرێکی ناو تەکسی: بۆلای راست، رێگاکە کراوەیە.

دواین وتەی مەلەوانێك: نا، ئەم ناوە قرشی لێ ناژی.

دواین وتەی کەشتیوانێکی ئاسمان: تەنها بەشی چارەکێك هەوام پێماوە.

دواین وتەی قەسابێك: ئەو کێردە گەورەیەم بۆهەڵدە بزانم.

دواین وتەی پاڵەوانێك: یارمەتیم ناوێت، تەنها سێ نەفەرن.

دواین وتەی لێکۆڵەرێکی یاسایی: مەسەلەکە ئاشکرایە، بکوژ تۆیت.

دواین وتەی کۆمپیوتەرێك: هارد دیسکم سڕاوەتەوە.

دواین وتەی شاخەوانێك: سەری پەتەکە توند بگرە با نەکەوم.

دواین وتەی شەڕفرۆشێك: من ئەزانم کە تۆ توانای تەقەکردنت نییە.

دواین وتەی دایکێك: ئاخریەکەی سیدییەکانم بۆ رێککردیت.

دواین وتەی پوچەڵکەرەوەیەکی بۆمب: هەرئەم تەلە ماوە، بیبڕم ترسی نەماوە.

دواین وتەی وەستایەکی کۆمپیوتەر: بەڵێ هەرچی تیابوو بۆم سڕیتەوە.

دواین وتەی مامۆستایەکی شۆفێری: بوەستە ترافیکەکە سوورە

دواین وتەی گەشتیارێکی ئاوی: من چوزانم کە پێویستبوو مەلە بزانم.

دواین وتەی نارنجۆك بەدەستێك: وتت تاچەند بژمێرم؟.

و: ناصح عوسمان

